

«وتوویژ لەگەڵ عەتیق رەحیمی» سەبارەت بە رۆمانی (بەردی سەبووری)

# دەمەوێت بزانم بۆچی ئەنووسم؟

سازدانی: فەزلولرەحیم رەحیم*
لە فارسییەوە: ناسر حەقپەرەست

**ئاماژە:**

عەتیق رەحیمی ساڵی ١٩٦٢ لە شاری کابوڵ_ی پایتەختی ئەفغانستان لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٨٥ بووەتە پەنابەر لە فەرەنسا. لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە، دکتۆرای لە بواری سینەما وەرگرتووە. چەندین رۆمانی نووسیوە، لەوانە: «خاک و خۆڵەمێش»، «هەزار ماڵ لە خەون و ترس»، «گەڕانەوەی خەیاڵی»، «سەنگی سەبوور» و «نەفرەت لە داستایۆفسکی» کە بەرهەمەکانی چەندین جار و بە چەندین زمانی جیهانی بە چاپ گەیشتووەن.

دوو لە رۆمانەکانی «خاک و خۆڵەمێش» و «سەنگی سەبوور»ی کردوەتە فیلم، کە چەندین خەڵاتی لە ئاستی جیهانی دەستەبەر کردووە.

هەروەها «ئازاد بەرزنجی» سێ لە رۆمانەکانی عەتیق رەحیمی «هەزار ماڵ لە خەون و ترس» و «نەفرەت لە داستایۆفسکی» خاک و خۆڵەمێشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.




*** چۆن بوو رووتان لە نووسەریی کرد؟**

– ئەوەی چۆن بوو رووم کردە نووسەری، رەنگە هۆکارەکەی خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە بووبێت، کە بوونە رێگەخۆشکەری هۆگریم بە کاری نووسەریی. یەکەمین ئەزموونەکانی نووسەری من، نووسین و شیعر نوسین بوو، کە دواتر رووم کردە رەخنە لە بواری سینەما. یەکێک لەو بابەتانەی لە (٨٠) کان لەسەر کاری سینەما نووسیم «سینەمای هیند و گەنجی جیهانی سێیەم» بوو. دواتر کورتە چیرۆکم نووسی. نووسراوەکانم لە گۆڤاری «ئاواز» کە لەوکاتدا ئۆرگانی چاپەمەنی رادیۆ و ئەلەفزیۆنی ئەفغانستان بوو، هەروەها گۆڤاری «ژوندون» و «درەفشی جەوانان» ئۆرگانی چاپەمەنی رێکخراوی دیموکراتیکی لاوانی ئەفغانستان، بلاو دەکرانەوە.

*** ئێستا کە رۆمانی «سەنگی سەبوور» بووەتە براوەی خەلاتی وێژەیی «گۆنکوری فەرەنسا»، چۆن لە بەرهەم و نووسراوەکانی پێشووتان دەروانن، یان ئەوەی بە بلاوکردنەوەی سەرکەوتوانەی ئەم رۆمانە، کارەکانی پێشترتان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– هەر کارێک دەیکەم هەوڵدەدم لەگەڵ کارەکەی پێشترم جیاواز یان جیا بێت. گشت ئاواتم ئەوەیە کارێکی باشتر بێت و لەم بوارەشدا هەموو هێز و وزەی فیکری خۆم دەخەمە، گەر تا بتوانم شتێکی نوێ پێشکەش بکەم و هەنگاوێک لە کارەکانی ترم واوەتر بێت. بەردەوام هەوڵدەدەم ببمە خاوەن ئەزموونێکی نوێ، بە لایەنی چیرۆک و چیرۆکنووسی، بەلایەنی شکڵ و فۆرم، هەروەها ناوەڕۆک. هەمیشە ئەم بابەتانە لە کارە نوێیەکانم دا گرنگیان هەیە بۆم.

*** خۆتان ناوی «سەنگی سەبوور»تان هەڵبژاردووە، یان ئەوەی راوێژتان بە کەسی تر کردووە؟**

لەسەرەتادا کە گەرەک بوو ئەم رۆمانە بنووسم، سەردێرەکەی « لە پێ کەوتووان» بوو. کاتێ چیرۆکی سەنگی سەبوور هاتە ناو بەسەرهاتەکە، لەگەڵ چاپخانەی ئەم رۆمانە قسەم کرد و وتم وەرگێرانی فەرەنسی (سەنگی سەبوور) گونجاوترە. ئەویش هەر ئەم ناوە فارسیەی بەلاوە پەسەند بوو. بریارماندا کە ناوی رۆمانەکە کە من بە فەرەنسەوی نوسیوومە و بە فەرەنسی بلاوبووەتەوە، هەر هەمان «سەنگی سەبوور» بێت.

***بۆچی دەنووسیت؟**

– بۆ ئەوەی گەرەکمە بزانم بۆچی دەنووسم.

*** لە چ کەش و دۆخێک دا هەست بە ئارامی زیاتر دەکەن بۆ نووسین؟**

– بە ئەنقەست لە سێ قۆناغدا چیرۆکەکانم دەنووسم. قۆناغی یەکەم، تەنیا چیرۆکەکە دەنووسم. خاوەن مەکانێکی دیاریکراو نییە. بۆ وێنە چیرۆکی «خاک و خۆڵەمێش»م لە کافەیەکدا نووسی. کاتێ چیرۆکەکەم نووسی لە سووچێکدا دایدەنێم، تا بەتەواوی لەیادیکەم و لێی دوورکەومەوە، لە کارەکتەرەکانی لە بابەتەکەی. پاش ماوەیەک بە زەنجیرە بەدواداچون و بە دواداگەڕان بە لایەنی دەروونناسی دەچمەوە سۆراخی. بۆ وێنە بۆ سەنگی سەبوور چوومەوە ئەفغانستان، لەگەڵ کەسانێکی زۆردا چاوپێکەوتنم کرد، لەگەڵ یەکێک لە ژنانی دەروونناسی ئەفغانستان لە بابەت کێشەکانی ژنان قسەوباسمان کرد... ئەوانە کۆی زەنجیرەیەک لێکۆڵینەوەن، کە پاش ئەوان دەگەڕێمەوە ژووری کارەکەم. ئەمەیان قۆناغێکە کە بە کەڵک وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانم لەسەر بابەتەکە و سەردانی کتێب و سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە چیرۆک، دوو تا سێ مانگ کاتم دەگرێت. دیسانەوش واز لە چیرۆکەکە دێنم و بە شوێن کاری تردا دەچم، یان لەوانەیە سەفەر بکەم. دوای دوو تا سێ مانگی تر دەگەڕێمەوە سەری ، چونکە دواهەمین قۆناغە لێرەدا زیاترین هەوڵی خۆم دەخەمە گەر، تا لە سوچێکی تاک و تەنیا بە دەم گوێگرتن لە مۆسیقا دایرێژمەوە. لە کەشێکی مۆسیقی و رینمیک لەسەر دارشتنی رسنە و وشەکان کار دەم.

*** چۆن لە وەرگێرانی رۆمانی سەنگی سەبوور بۆ زمانەکانی پەشتوو و دەری دەڕوانن؟ لە کاتێکدا لە چاوپێکەوتنەکانتاندا لەگەڵ بڵاوکراوەکانی فەرەنسا وتوتانە بۆیە ئەم رۆمانەم بە فەرەنسەوی نووسیوە، چونکە هەنوکەش لە وڵاتەکەی من هێڵی سوور دیاریکەری سنووری کەلام و بەیانە؟**

– گەرەکمە بڵێم هەر کەسێکە لە توانای دابێ، ئەم رۆمانە بۆسەر ئەم زمانانە وەربگێڕێ، پێشوازی لە کارەکەی دەکەم. لێرەدا دەمەوێ بە راشکاوی شتێ بڵێم، ئەگەر لە «لەندی پەشتۆ» یان چیرۆکی «کەنیزەکی مەولانا» یان شاعیران و نوسەرانی تری وڵاتەکەمان وردبینەوە، پەی بەوە دەبەین، چەندین سەدە بەر لە ئێستا ئەو بەرێزانە بە ئێفکرین و ئەندێشەی خۆیان هێڵی سووری زەمانەیان لە ناو تانوپۆی ئاواز و نووسراوەکانیان بەزاندووە. ئەم نووسراوەیەی من لە گشتیان کەمرەنگترە، گومان لەوەدا نییە کەسانێ هەن لە پشت بیانووی ناڕەوا سەرگەردانن و لە بەهانە دەگەڕێن. ئەگەر مل بە بیانووەکانی ئەوان بدەین، ئەوا دەبێ ئاگر بەردەینە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی بەنرخی وڵاتەکەمان و نابوودی بکەین، لەکاتێکدا کێشەکە تاقمێکی بەرتەسکن. چاو لێکەن لە ئەدەبیات و فلکلۆرمان شتگەلێکمان هەیە، کەواتە دەبێ گشتیان بنێینە لاوە؟ لەکاتێکدا رۆمانی سەنگی سەبوور، دەربڕی حەقیقەتە تاڵەکانی ژیانی ژنانی ئەفغانە، لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئەمڕۆی ئەفغانستاندا.

*** بەرهەمەکانی کام یەک لە نووسەرانی ناوداری وڵاتان زیاتر خوێندوەتەوە یان ئەخوێننەوە؟**

– ئەو نووسەرانەی بەرهەمەکانیانم خوێندووەتەوە، یان هۆگری بەرهەمەکانیانم برینین لە: عەبدوڵا ئەنساری_ بەرهەمەکانی مۆلانا بەلخ، لە نووسەرانی هاوچەرخ رەهنەوەرد زەریاب، ئەکرەم عوسمان، سپۆژمی زەریاب، بەلایەنی شیعر و هزر مامۆستا واسف باختەری ، ئەو کەسەش کە رێزی تایبەتم بۆی هەیە، سەید بەهادین مەجروح_ کە وێرای داخ بۆ هزری بەنرخی «مەجروح» هەنوکەش بە چەشنێکی وەرد و قوڵ لە کۆمەڵگە و ئەدەبیاتی ئێمەدا نەپرژاوەتە سەری. ئەویش بەهۆی وەستانەوەی بەرامبەر ئەو هێڵە سوورەی ئەو هزرمەندە تێپەڕی کرد. کاتێک «ئەژدهای خۆمانە»ی مەجروحم دەخوێندەوە، بۆم دەرکەوت لە کام سەردەمدا بیر لە چ شتگەلێک ئەکاتەوە.

*** هەر نووسەرێک لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، پەیامێکیش ئەگەیەنێت. رۆمانی سەنگی سەبوور هەڵگری چ پەیامێکە؟**

– دەبێ بە کورتی بڵێم هەر تاکێک حیکایەتێکی پێیە لەو ئازار و خۆشیانەی هەستیان پێدەکات، نوسەریش هەر بەو هەستەوە لە ئازارێک دەدوێت، کە هەستی پێکردووە. سەنگی سەبووریش لەو ئازارەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەستم دەکرد و هەستی ئەکەم. بەم پێیە پەیامی من دەربڕینی ژان و پەژارەی ژنانی ئەفغانە. کاتێک کتێبەکە دەکەینەوە لە یەکەمین لاپەرەی نووسیومە: پێشکەشە بە «نادیە ئەنجومەن»، ئەو ژنە شاعیرەی لە لایەن مێردەکەیەوە کوژرا. ئەوە خۆی پەیامێکە.

***ئەم وتووێژە لە ساڵی ٢٠١١ سازدراوە.**

**سەرچاوە:**
http://۸am.af